**پەیمانگای پێگەیاندن یان دەزگای کۆنەپەرستی .... ڕزگارعبدالکریم**

شتێکی ئاشکرایە ڕادەی پێگەیشتنی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی هەر کۆمەڵگایەک پێوانەی دیاری کردن وخوێندنەوەیە بۆئاستی ئەو کۆمەڵگایە لەم ڕووەوە میتۆدی خوێندن و کادری ڕۆشنبیر دەتوانێت ئەم ڕێڕەوە بباتە پێش و کۆمەڵگا لەئاستێکی بەرزدا ڕابگیرێت. . ماوەی دەسەڵاتی بەعس لە هەردوو ڕووەکەوە هەم بابەت و وانەکان هەم کادیر ئاشکرا لە خزمەت دەسەڵاتی حاکم دا بوون، مامۆستایان هەمان ڕۆڵی کادرێکی نێو دەزگای زوڵم و زۆریان دەبینی، بابەتەکانیش ئەوە ڕۆشن بوون کە لە خزمەت چ دەسەڵاتێک دا بوو و هاوکات کە خوێندکارێک خوێندنی تەواو دەکرد چی دەردەچوو. ئومێدی خەلکی ئازادیخواز بە کۆتای هاتنی بەعس بەوەوە بەسترابۆوە کە لەومەیدانەداکاری ئەوەلی وئاڵوگۆڕیسەرەکی دەبێت لە بواری خوێندن دا بکرێت وخوێندکاران بەجۆرێکی مەدەنیانە پرۆسەی خوێندنیان بچێتە پێش. .

کەچی کاتێک ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی دەسەلاتی خۆی بەسەر کۆمەڵدا سەپان و بەعس ئاسابووە بەربەستی سەرەکی لەبەردەم ئاڵوگۆڕەکان وبە هەمانپلاتفۆرمی بەعس و کارکردن کاری لەسەر هەمان بەرنامە کرد بە گۆڕینی مادەکانی خزمەت بە بەعس بۆمادەی خزمەت کردن بەناسیونالیزم و ڕەوتی کۆنەپەرستی، ئیدیلە دەورانی بەعس زۆر سەختتر کاریان لە سەر دەروێشی خوێندکار دەکرد بۆپەیامەکانیان وکە ئاغایەکی مەتەری وەک میوان بهاتایە بۆ پەیمانێکی مەرگاوی دەبوو خوێندکاری قوتانخانەکان کۆبکرێتەوە و لە بەردەم درۆکانی ئەو دا هەڵبەزنەوە و هوتاف نەکێشانیش سزای خۆی لە سەر بێت ئەمەو چەندین کاری نادروستی تر خگە لەوەی بەدەستوری بەعس ئاسا لە شوێنی ڕەفیق حیزبییەک بەرێوەبەرێکی سەر بەخۆیان، کە بەعسئاسا ڕۆژێکلەهەفتەداڕۆژیکۆبونەوەی ئەندامانیان بێت. دیقەت لە زانکۆکان بەن لە دەورانی شەڕی ناوخۆدا ئەم مەسەلانە چەند بە ئاشکرا بەدیارکەوتن. .

هەڵبەت ئەم باسە زۆر زیاتر هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوەی وای کرد کە زیاتر بدوێم دوای ئەو چاوپێکەوتنەی ئەژین عبدالخالق لەگەڵ بەرێوەبەری پەیمانگای مامۆستایانی هەولێرکەلە دواین ژمارەی هاولاتی دا بڵاوکرایەوە کە ئینسان هەر بەخوێندنەوەی دەکەوێتە پرسیارلە زاتی خۆی ئاخر بەرێوەبەرێک و ئەمەئاستی تێگەیشتنی بێت بۆمافە فەردییەکانی ئینسان و ڕوانینی بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و جل و بەرگ پۆشینی کچان چۆن دەتوانرێت ئومێدی داهاتوویەکی گەش بە نەوەی داهاتوو هەبێت من بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە بڕوانن سەبارەت بەوەڵامەکانی بەرێوەبەر لە بەرابەر پرسیاری ئازادی جل و بەرگ پۆشین و ناڕازێتی زۆر لە خوێندکاران دەلێت{نابێت قوتابیان خوانەخواستە لە عورفوعادەتی کۆمەلایەتیخۆمان دەربچن}{نابێت قوتابیان جلی سەرنج ڕاکێش لەبەر بکەن }{شتێک لە بەرنەکەن کە لە ڕێ ڕەوی خوێندنو زانست لایانبدات}. من لە خوێنەر دەپرسمئایا دەبێت ئەو زانست و زانیاری یە بێ مانایەی ئەوان چ پەیوەندی بە لەبەرکردنی جل و بەرگی خوێندکارانەوە بێت؟ ئایا دەتوانن بەرامبەر بە کەسانی موحاجەبە باس لە فڕێ دانی سەرپۆشەکانیان بکەن؟یان ئەم قسانەیان ڕێگەخۆشکردنێکە بۆ بڵاوبونەوەی تەسەورات و ڕەوتی کۆنەپەرستانە !!!

لەبەرکردنی جل و بەرگ مافێکی ئینسانی ئازادە و هەموو دەخاڵەتێک جۆرێکە لە پێشێل کردنی مافە ئینسانییەکان. . . . . . . . . . 2003–10–09